# ئەمشەویش

کاوەی خەسرەو کاوانی



شەو لە چەنگی سپێدەدا
کەوتۆتە پەلەقاژەوە و
بە یادی تۆوە بێدارم
لە گێژەلووکی عیشق دا ,
گێژدەخۆم و
ئەمشەویش وەك هەموو شەوانی بێ تۆیی
لە نێو کۆمێکی ئازارم ,
چاوانم شەکەتی ڕێگات
ئادگارت تابلۆی کێشراوی خەیاڵمە
چەند تامەزرۆی بینینتم
چەند حەز بە نیگا چنینتم
ئەمشەو ڕۆحم
باڵ بەرەو ڕۆحی تۆ دەگرێ
بە تاسەوە رایدەموسێ
چەند پیرۆزو خۆشەویستە
ئەو ئیلهامەی لەگەڵ تۆدا لە دایك دەبێ و
مۆروە ووشەی گەردانەکەی
هەڵبەستێك بۆ تۆ دەنووسێ .